## برگە پەسەندکراوەکان

P9_TA (2023) 0016

## وەڵامدانەوەی یەکێتی ئەورووپا بۆ نارەزایەتی و ئێعدامەکان لە ئێران

**بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەورووپا لە ١٩ی ژانوییەی ٢٠٢٣ سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپا بۆ نارەزایەتییەکان و ئێعدامەکان لە ئێران (2023/2511(RSP))**

*پەرلەمانی ئەورووپا،*

– بە رەچاوکردنی بڕیارنامەکانی پێشووی سەبارەت بە ئێران، بەتایبەتی بڕیارنامەی ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی سەبارەت بە کۆچیدوایی مەهسا ژینا ئەمینی و سەبارەت بە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی مافی ژنان لە ئێران[1]، بڕیارنامەی ١٧ی فێوریە ٢٠٢٢ سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان لە ئێران[2] و هەموو بڕیارنامەکانی دیکەی سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، .

– بە رەچاوکردنی بڕیارنامەی لێژنەی سێهەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران،

– بە رەچاوکردنی بەیاننامەی نووسینگەی کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی ژانوییەی ٢٠٢٣،

– بە رەچاوکردنی بەیاننامەی پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ کە داوایان لە ئێران کردبوو چیتر سزای لەسێدارەدان بەسەر خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز نەسەپێنێت،

– بە سەرنجدان بە دانیشتنی تایبەتی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ بەرێوەچوو و لەو دانیشتنەدا بڕیارنامەیەک پەسەند کرا،

– بە رەچاوکردنی راپۆرتەکانی راپۆرتدەری تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، ١٨ی جوونی ٢٠٢٢، ١٣ی ژانوییەی ٢٠٢٢ و ١١ی ژانوییەی ٢٠٢١،

– بە رەچاوکردنی بەیاننامەی وەزیرانی دەرەوەی "G7" لە ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢،

– بە رەچاوکردنی ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لە ١٢ی دیسەمبەری ٢٠٢٢،

– بە سەرنجدان بە سزاکانی سەر کەس و لایەنە ئێرانییەکان کە لە ١٢ی ئاوریلی ٢٠٢١، ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢، ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ و ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لەلایەن ئەنجومەنی یەکێتیی ئەورووپا و بڕیاری جێبەجێکردنی ئەنجومەن (GASP) ٢٠٢٢/٢٤٣٣ کە لە ١٢ی

---

[1] دەقەکانی پەسەندکراو، P9_ TA( 2022)0352.

[2] OJ C 342 ،06.09.2022ل ،.

دیسەمبەری ٢٠٢٢ پەسەندکراون [1]،

– بە ڕەچاوکردنی ئەو سزایانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر ڕێکخراو و کەسانی ئەورووپی و بەریتانیاییدا سەپاندوویەتی،

– بە ڕەچاوکردنی لێدوانەکانی وتەبێژی دەزگای کاروباری دەرەوەی ئەورووپا (EEAS) [ European External Action Service] لە ٧ی ژانوییەی ٢٠٢٣ سەبارەت بە لەسێدارەدانی ئەم دواییەی محەمەد مێهدی کەرەمی و سەید محەمەد حوسێنی، لە ٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە لەسێدارەدانی موحسن شکاری و لە ١٥ی ژانوییەی ٢٠٢٣ سەبارەت بە لەسێدارەدانی عەلیرەزا ئەکبەری،

– بە ڕەچاوکردنی بەیاننامەی نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئاسایش لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە ئێران و بەیاننامەی وتەبێژی دەزگای کاروباری دەرەوەی ئەورووپا لە ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە کۆچیدوایی مەهسا ژینا ئەمینی.

– بە ڕەچاوکردنی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی وتەبێژی EEAS لە ٩ی ژانوییەی ٢٠٢٣ سەبارەت بە بانگهێشتی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە یەکێتیی ئەورووپا،

– بە سەرنجدان بە لێدوانەکانی سەرۆکانی شاندی پێوەندی لەگەڵ ئێران لە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ و ١٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٢،

– بە ڕەچاوکردنی بەیاننامەی هاوبەشی کەنەدا و ئەمریکا لە ٩ی دیسەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران،

– بە ڕەچاوکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ و پەسەندکردنی لەلایەن ئێرانەوە لە جوونی ١٩٧٥،

– بە ڕەچاوکردنی سزا جیهانییەکانی یەکێتی ئەورووپا لە بواری مافەکانی مرۆڤ،

– بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی هاوبەشی 2001/931/GASP لە 27ی دیسەمبەری 2001 سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر [2]،

- بە ڕەچاوکردنی ڕێسای ئەنجومەنی (EG) ژمارە 2580/2001 لە 27ی دیسەمبەری 2001 سەبارەت بە ڕێوشوێنی سنووردارکردنی تایبەت کە ئاراستەی هەندێک کەس و لایەن دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر [3]،

– بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی (EU) 2017/541 پەرلەمانی ئەورووپا و ئەنجومەنی ئەورووپا لە 15ی مارچی 2017 سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و گۆڕینی بڕیاری چوارچێوەی ئەنجومەن 2002/475/JI و هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی 2005/671/JI [4]،

---

[1] بڕیاری جێبەجێکردنی ئەنجومەن (CFSP) 2022/2433 لە 12ی دیسەمبەری 2022 بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری 2011/235/CFSP سەبارەت بە ڕێوشوێنی سنووردارکردن ئاراستەی کراوی هەندێک کەس و لایەنە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێران (ABl. L 318 I لە ٢٠٢٢/١٢/١٢، ل. ٣٦)

[2] ABl. L 344 vom 28.12.2001, S. 93.

[3] ABl. L 344 vom 28.12.2001, S. 70.

[4] ABl. L 88 vom 31.3.2017, S. 6.

– به ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان، سەبارەت بە بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ژنان و کچان و سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان و کچان،

– به ڕەچاوکردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨،

– به ڕەچاوکردنی یاسای ژمارە ١٣٢، بڕگەکانی ٢ و ٤ی پەیڕەوی ناوخۆ،

A) لە کاتێکدا مەهسا ژینا ئەمینی، کوردی ئێرانی تەمەن ٢٢ ساڵ لە ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە تاران لەلایەن "پۆلیسی ئەخلاقی" ئێرانەوە بەتۆمەتی گوایە پێشلکردنی یاسای ناڕوونی سەرپۆش دەستبەسەر دەکرێ؛ لە کاتی دەستبەسەربوون مەهسا ژینا ئەمینی لە ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە پۆلیسدا، بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دەردێ و گیانی لەدەست دەدا؛ لە کاتێکدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دروست ئەنجام نەدراوە؛

B) لە کاتێکدا دوای تیرۆرکردنی مەهسا ژینا ئەمینی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری وڵاتدا بە بەشداری سەدان هەزار هاووڵاتیی ئێرانی کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایان دەکرد، سەریهەڵدا؛ لە کاتێکدا ناڕەزایەتییەکان لەلایەن ژنانەوە دەستپێکرد و لێپرسینەوەیان لە مردنی مەهسا ژینا ئەمینی دەکرد و داوای کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و هەڵاواردنی ژنانیان لە ئێران دەکرد؛ لە کاتێکدا زۆرێک لە ژنان بە فڕێدانی حیجاب و بڕینی قژیان نارازیەتیان بەرامبەر بە کوشتنی مەهسا ژینا ئەمینی دەربڕی؛ لە کاتێکدا کە ئەو ناڕەزایەتییانە بە سەرکردایەتییەکانی ژنان، هاودەنگی پیاوانی لێکەوتەوە و شۆڕشێکی سەرتاسەری لە ئێران و بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی دژە ڕژێمی لێکەوتەوە؛ لە کاتێکدا خوێندکارانی چەندین زانکۆ لە سەرانسەری وڵات دژی سەرکوتکردن بە بایکۆتکردن، وتارەدان و خۆپیشاندان ناڕەزایەتییان دەردەبڕن؛ لە کاتێکدا مەهسا ژینا ئەمینی خەڵکی ناوچەی کوردستانی ئێرانە، ناڕەزایەتییەکان لەوێ بەربڵاون و لەگەڵ سەرکوتی ڕێژیم بەرەوڕوو بووەتەوە؛

C) لە کاتێکدا کە وەڵامی هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی ئێران بۆ ناڕەزایەتییەکان توندوتیژانە، بێ جیاوازی، ناڕێژەیی و بەربڵاو بووە؛ لە کاتێکدا کە ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی و سەرۆککۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی، چەندین جار ستایش و هاندانی سەرکوتی توندوتیژانەی خۆپیشاندانی ئاشتیانە و کوشتنی نارازییان لە لایەن میلیشیاکانی بەسیجی و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامییەیان کردووە؛

D) لە کاتێکدا تا ١٦ی ژانوییەی ٢٠٢٣ هێزە ئەمنییەکانی ئێران چەند سەد خۆپیشاندەری ئاشتیخوازیان کوشتووە کە دەیان منداڵیان تێدابووە و زیاتر لە ٢٠ هەزار خۆپیشاندەریان دەستبەسەر یان ڕفاندووە، کە بریتی بوون لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، خوێندکار، پارێزەر و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوانەش هاووڵاتیانی یەکێتی ئەورووپا و دانیشتوانی ئەڵمانیا، پۆڵەندا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، ئیسپانیا و سوید؛

E) لە کاتێکدا ئێران دان بە دوو ڕەگەزنامەدا نانێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە باڵیۆزخانە بیانییەکان دەستڕاگەیشتنێکی سنووردراویان بۆ هاووڵاتییانی خۆیان هەیە کە ڕەگەزنامەی ئێرانیشیان هەیە و لەوێ ڕاگیراون؛ لە کاتێکدا کە عەلیرەزا ئەکبەری، جێگری پێشووی وەزیری بەرگری ئێران کە ڕەگەزنامەی بەریتانی و ئێرانی هەیە، بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ بەریتانیا لە ئێران، حووکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و لەسێدارە درا، کە ڕەتیکربووەوە؛ لە کاتێکدا ڕەگەزنامەی سویدی و ئێرانی د .ئەحمەدرزا جەلالی کە پسپۆڕە لە بواری پزیشکی فریاکەوتن و مامۆستایە لە زانکۆی ئازادی برۆکسل لە بەلجیکا و زانکۆی پیدمۆنتی ڕۆژهەڵات لە ئیتاڵیا، لە ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٦ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا؛ لە کاتێکدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا بە تۆمەتی ساختەی سیخوڕی، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و دوای دادگاییکردنێکی زۆر نادادپەروەرانە لەسەر بنەمای دانپێدانانێک کە بە ئەشکەنجە دەرهێنرابوو؛ لە کاتێکدا کە بڕیارەکە لە ١٧ی جوونی ٢٠١٨ لەلایەن دادگای باڵای ئێرانەوە پشتڕاست کرایەوە؛ لە کاتێکدا کە توێژەری فەرەنسی-ئێرانی فەریبە عادلخواە لە مانگی جوونی ٢٠١٩ دەستبەسەر و بە تۆمەتی "تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی "بە پێنج ساڵ زیندانی سزادرا؛

F) لە کاتێکدا هاووڵاتییانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا بە خۆسەرانە لە ئێران دەستبەسەر دەکرێن، لەوانەش ئۆلیڤێر ڤاندێکاستیلی بەلجیکی بە زنجیرەیەک تۆمەتی بێ بنەما، بە گشتی بە ٤٠ ساڵ زیندان و دەیان قامچی لێدان سزا دراوە؛ لە کاتێکدا کە ئەو حووکمە دوای ئەوە سەپێندرا کە دادگای باڵای بەلجیکا ڕێکەوتنێکی دوولایەنەی ئاڵوگۆڕی زیندانیانی هەڵپەسارد کە ڕێگەی بە ئەسەدوڵڵا ئەسەدی دیپلۆماتکاری ئێرانی کە لە بەلجیکا بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تیرۆر سزا درابوو، لە بەرامبەر ئازادی ئۆلیڤێر ڤاندێکاستیلدا بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران؛ لە کاتێکدا هێشتا حەوت هاووڵاتیی فەرەنسی لە ئێران دەستبەسەرن، لەوانە سیسیل کۆهلەر، مامۆستا و سەندیکای کرێکاری، و هاوکارەکەی جاک پاریس، و بنیامین بریێر، کە لە مانگی مای ٢٠٢٠ دەستبەسەر کران و بە تۆمەتی "سیخوڕی" سزای هەشت ساڵ و هەشت مانگ زیندان بەسەریاندا سەپێندراوە؛

G) لە کاتێکدا ئێران ئەو وڵاتەیە کە زۆرترین ژمارەی لەسێدارەدانی لە جیهاندا هەیە؛ لە کاتێکدا کە ڕژێمی ئێران بە پێشێلکردنی جەوهەریترین و بنەڕەتیترین مەرجەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، حوکمی لەسێدارەدانی لە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز، لەوانەش منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی، بڕیاری دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و بەپەلەی دەرکردووە و جێبەجێی کردوون؛ لە کاتێکدا ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڵگەی دۆزیوەتەوە کە ڕژێمی ئێران بەردەوامە لە بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێکی سەرکوتکردن بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتییەکان؛ لە کاتێکدا کە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئەشکەنجە، دەستدرێژی، هەڵسوکەوتی دڕندانە، نامرۆڤانە و ڕیسواکارانە، بە قەبارەیەکی بەرفراوان مامەڵە لەگەڵ دەستبەسەرکراوان لە زیندانەکانی ئێراندا دەکەن؛

H) لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لیستێکی کۆکردووەتەوە کە نزیکەی ٢٥ کەسی تێدایە کە مەترسی لەسێدارەدانیان لەسەرە، دیارترینیان محەمەد قوبادلوویە؛ لە کاتێکدا ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی نیگەرانە لەوەی کە خەڵکی زۆرتر بەهۆی بەشداریکردنیان لە ناڕەزایەتییەکان، ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان ببنەوە؛ لە کاتێکدا بەگوێرەی ڕاپۆرتی نووسینگەی کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٤٠ هونەرمەندی ئێرانی بە تاوانی هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان تۆمەتبار کراون؛ لە کاتێکدا ئەکتەرەکان، مۆسیقاژەنەکان، وەرزشوانان و کەسایەتییە ناودارەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا پشتگیری لە ناڕەزایەتییەکانی دژ بە دامەزراوە ئایینیە حکوومییەکان دەکەن؛

I) لە کاتێکدا کە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پەیتا پەیتا لە تێکچوون دایە؛ لە کاتێکدا تیرۆرکردنی مەهسا ژینا ئەمینی و ئەوانی دیکە، دەگەڵ لافاوی ئێستای لەسێدارەدان، نموونەی بەردەوامبوونی قەیرانی مافی مرۆڤە لە ئێران؛ لە کاتێکدا کە دۆخەکە بە هۆی سەرڕۆیی یاسامەند و سیستماتیکی ڕژێمی ئێران و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران بە پشتبەستن بە ئەشکەنجەدانی بەربڵاو، لە سێدارەدان لە دەرەوەی دادگا و کوشتنی نایاسایی دیکە، بەردەوامە لە تێکچوون دایە؛ لە کاتێکدا کە سیستەمی دادوەری ئێران زۆر پشت بەو دانپێدانانە زۆرەملێیانە دەبەستێت کە لە ڕێگەی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری فشار و زۆرەملێ بەدەست هاتوون؛ لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی گشتگیری سزای لەسێدارەدان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەورووپا؛

J) لە کاتێکدا لە ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢دا، ٢٢٧ ئەندامی مەجلیسی ئێران بە پێشێلکارییەکی ئاشکرای ئەرکی دەسەڵاتەکان، داوایان لە دەسەڵاتی دادوەری کرد کە ڕێوشوێنی توند بەرامبەر بەو کەسانە بگرێتەبەر کە لە کاتی ناڕەزایەتییەکان دەستگیرکراون و سزای لەسێدارەدان وەک سزایەک بسەپێنێت؛

K) لە کاتێکدا کە دەستووری ئێران مافی یەکسان بە کەمینە نەتەوەییەکان دەبەخشێت؛ لە کاتێکدا سزای لەسێدارەدان بە ڕادەیەکی نایەکسان لە دژی خەڵکانی "پەلکەزێڕینی" و ئەندامانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بەتایبەتی بەلووچ، کورد، عەرەب و بەهایی بەکاردەهێنرێت؛ لە کاتێکدا دەستگیرکردنی بەرگریکارانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای دەستپێکردنی کوشتن و توندوتیژییەکانەوە زیادی کردووە؛ لە کاتێکدا ئەو ژنان و کچانەی کە لە پێشەنگی ناڕەزایەتییەکاندا بوون، لەوانەش ئەندامانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بەهۆی داوای کۆتاییهێنان بە یاسا و سیاسەت و پراکتیزەکردنی جیاکاری سیستماتیکی، بەردەوام دەستگیرکراون و ڕاگیراون و بەتایبەتی ئەو تۆمەتانەیان دەخرێتە پاڵ کە سزای لەسێدارەدانیان هەیە، و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت؛

L) لە کاتێکدا کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی مافی مرۆڤ، لەوانەش چەندین بەرپرسی ئەرکداری ڕێکارە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و کوشتن و سەرکوتکردنی توندوتیژانەی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران، ئیدانە کرد؛ لە کاتێکدا شارەزایان نیگەرانی قووڵی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بەو "توندوتیژییە زیادەڕۆیی و کوشندانەی" کە لە بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی دوای مردنی مەهسا ژینا ئەمینی لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێنراوە، لەوانە توندوتیژی سێکسی دژی ژنان و کچان، تۆقاندن و هەراسانکردنی خۆپیشاندەران، و چاوپۆشی سیستماتیکی یاسایی لەو کەسانەی سەرەڕۆیانە مافی مرۆڤیان پێشێلکردووە؛ لە کاتێکدا کە لە ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ کارناسانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان لە ڕژێمی ئێران کرد کە بە پشتبەستن بە بەشداریکردن یان گومانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکاندا، تۆمەت و تاوانی لەسێدارەدان لە دژی ئەو کەسانە، هەڵبوەشێنێتەوە؛

M) لە کاتێکدا کە کارناسانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤ کردووە کە بەپەلە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنێکی تایبەت سەبارەت بە دۆخی ئێران، دانانی میکانیزمێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لە ئێران تاکوو سەرەڕۆیی لە پێشێلکردنە بەربڵاوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران کۆتایی پێبێت؛ لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ دانیشتنێکی تایبەتی سەبارەت بە دۆخی ئێران بەڕێوە برد؛ لە کاتێکدا لەم دانیشتنە تایبەتەدا ڕێککەوتن کرا کە نوێنەرایەتییەکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی

ئێران پێک بێت، بەڵگە کۆبکاتەوە و شیکاری بکات و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کاربکات بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی ئەم تۆمەتانە، بەجۆرێک کە هەموو تاوانبارانی جددی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لەوانەش دەسەڵاتە باڵاکان، بتوانرێت بخرێتە بەردەم دادگا؛

N) لە کاتێکدا لە 10ی ژانوییەی 2023 نووسینگەی کۆمیسارایای باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوەدا کە بەکارهێنانی ڕێکارە تاوانکارییەکان بۆ سزادانی تاکەکان بەهۆی بەکارهێنانی مافە بنەڕەتییەکانیانەوە، یەکسانە بە تاوانی تیرۆری دەوڵەتی؛

O) لە کاتێکدا وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە ١٢ی دیسەمبەری ٢٠٢٢دا ئەنجامەکانی ئەنجومەنیان سەبارەت بە ئێران پەسەند کرد؛ لە کاتێکدا بەگوێرەی ئەم دەرەنجامانە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران کراوە کە دەستبەجێ کۆتایی بە پراکتیزەکردنی ناڕەوا و سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر خۆپیشاندەران بهێنن و بەکردەوە دەستبەجێ سزای لەسێدارەدانی ئەم دواییە لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییە بەردەوامەکاندا هەڵبگرن و دڵنیایی بدەن کە ڕێکاری یاسایی بۆ هەموو دەستگیرکراوەکان دابین دەکرێت؛

P) لە کاتێکدا لە ٩ی ژانوییەی ٢٠٢٣ سکرتێری گشتیی EEAS بەناوی نوێنەری باڵا، بانگهێشتی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە یەکێتیی ئەورووپا کرد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی یەکێتیی ئەورووپا بۆ لەسێدارەدانی محەمەد مێهدی کەرەمی و سەید محەمەد حوسێنی کە لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئێران دەستبەسەر و حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو؛ لە کاتێکدا موحسین شکاری و مەجیدرزا ڕەهنەوەرد بەهۆی بەشداریکردنیان لە ناڕەزایەتییەکانی ٨ و ١٢ی دیسەمبەر ٢٠٢٢ لە سێدارە درابوون؛

Q) لە کاتێکدا کە کەنەدا و ئەمریکا لە ٩ی دیسەمبەری ٢٠٢٢دا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و کردەوەی توندوتیژ و دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز و سەرکوتی بەردەوامی گەلی ئێران و هەروەها سەرکوت و توندوتیژیی دەوڵەتی لە دژی ژنان ئیدانە کرد؛ لە کاتێکدا هەردوو وڵات لە پەیوەندی دەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ سزایان بەسەر ئەو بەرپرسانی ئێراندا سەپاندووە کە لەو بوارەدا توندوتیژی بەردەوامیان ئەنجام داوە؛

R) یەکێتی ئەوروپا لەم دواییانەدا و لە چەندین بۆنەدا ڕێوشوێنی سنووردارکردنی پەیوەست بە پێشێلکارییە ئاشکراکانی مافی مرۆڤی گرتۆتەبەر، لەوانە بەستنی سەروەت و سامان، قەدەغەکردنی گەشتکردن بۆ یەکێتی ئەوروپا و قەدەغەکردنی دابینکردنی پارە یان سەرچاوەی ئابووری بۆ کەس و لایەنەی کە لە لیستەکەدا ناویان هاتووە، بەتایبەتی لە دژی کەسانی ئاست بەرزی سپای پاسدارانی ئێران - لە کاردانەوە بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی توندوتیژانە لە ئێران و دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کۆماری ئیسلامی کە لە لایەن فیدراسیۆنی ڕووسیا لە دژی ئۆکرانیا لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا بەکاردەهێنرێت؛ ئێستا کۆی لیستی ئەو کەسانە، ئەو قەوارە و لایەنانە کە ڕێوشوێنی سنووردارکردنی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەرێوە دەبەن گەیشتووەتە ١٢٦ کەس و ١١ قەوارە؛ لە کاتێکدا لە لیستی سزاکانی یەکێتی ئەورووپادا، لەسەرەی هەموویان ئەحمەد وحیدی وەزیری ناوخۆی ئێران، عیسا زارعپوور وەزیری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکانی ئێران، هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئێران و بەرپرسانی سوپای پاسداران لە پارێزگاکانی لەخۆگرتووە؛

S) لە کاتێکدا کە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرامبەر بە میکانیزمی سزاکاندا، ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی گرتووەتەبەر، بەتایبەتی لەدژی هانا نیومەن، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و سەرۆکی شاندی پەیوەندییەکان لەگەڵ نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەروەها لەدژی ئەندامانی دیکە و سیاسەتمەدارانی پێشووی ئەڵمانی و فەرەنسی؛ لە کاتێکدا پەرلەمان لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٢، لە کاردانەوە بەرا،بەر بەو سزایانی کە ئێران بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا گرتوویەتەبەر، بڕیاریدا کە شاند و لیژنەکانی چیتر هاوکاری دەسەڵاتدارانی ئێران ناکەن؛

T) لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە بەشداری لە توندوتیژی و سەرکوتکردنی بەربڵاو و بێبەزەییانە لە ئاستی دەرەوی وڵات، لەوانەش لە خاکی یەکێتیی ئەورووپادا لەدژی چالاکانی ناڕازی دیاسپۆرا، ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی و دادوەری و هەڕەشە و هەراسانکردنی ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە ئێران دەکات؛ لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و یان لە ڕێگەی دارودەستە خۆجێییەکانی ناڕازییانی لە دەرەوی وڵات تیرۆر کردووە و بۆ ئێران ڕفاندوونی و پلانی هێرش بە بۆمبی لە چەند وڵاتێک، لەوانەش لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا داڕشتووە؛

U) لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەمەبەست هێڵی ئینتەرنێت و مۆبایل بە توندی بەرتەسک دەکاتەوە تاکوو خەڵکی ئێران بۆ ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان نەتوانن کەلک لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا وەربگرن؛ لە کاتێکدا بەگوێرەی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا، هەناردەکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە دەکرێ بۆ سەرکوتی نێوخۆیی بەکاربهێنرێن و ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ گوێگرتن لە تەلەفۆن

بەکاردەهێنرێن، بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران قەدەغە کردووە؛

V) لە کاتێکدا جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆن و نوێنەری باڵای یەکێتی بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئاسایش (VP/HR)، جۆزێپ بۆرێل، لە لێدوانەکانیدا لە 8ی دیسەمبەری 2022 و 7ی ژانوییەی 2023، سەپاندنی سزای لەسێدارەدانی محەمەد مێهدی کەرەمی و سەید محەممەد حوسێنی سەرکۆنە کرد؛ لە کاتێکدا کە ناوبراو لە لێدوانەکانیدا داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە کە دەستبەجێ کۆتایی بە سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر خۆپیشاندەران بهێنن؛ لە کاتێکدا کە لەم لێدوانانەدا یەکێتی ئەوروپا داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکات بەتوندی پابەندبن بە ئەرکە نێودەوڵەتییەکانیان و دەستبەجێ سزای لەسێدارەدانی ئەم دواییە ڕابگرن؛

W) لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی گرووپە کوردییەکان - بەوانەی لە عێراقیشن، تۆمەتبار کردووە بە هاندەرانی ناڕەزایەتی لە کوردستانی ئێران؛ لە کاتێکدا کە بەم بیانووە سوپای پاسداران هێرشی چەکداری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامداوە و دەیان کەس، لەنێویاندا خەڵکی سڤیلی کوشتووە؛ لە کاتێکدا ناڕەزایەتییەکانی باکووری ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کە زۆرینەی کەمینە کورد و بەلوچییەکانی ئەو وڵاتە تێیدا دەژین، بە توندییەکی تایبەت سەرکوت کردووە؛

X) لە کاتێکدا کە سوپای پاسدارانی ئێران کە لە میلیشیاکانی بەسیجی، هێزی قودس ، هێزی زەمینی، هێزی ئاسمانی و بۆشایی ئاسمان و هێزی دەریایی پێکهاتووە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان و چالاکییە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵات دەگێڕێت؛ لە کاتێکدا کە سوپای پاسدارانی ئێران وەک دەوڵەتێک لەنێو دەوڵەتێکدا کاردەکات، بەپێی ڕاپۆرتەکان، دوو لەسەر سێی ئابووری ئێران لە ژێر دەسەڵاتیدایە، لەوانە بەرژەوەندییەکانی لە ژێرخانی ئابووری، پترۆکیمیایی، ماڵی، پەیوەندییەکان، پیشەسازییەکانی ئۆتۆمبێل و دەریایی، هەروەها دامەزراوە زەبەلاحەکانی بەناو "بۆنیادەکان" و تۆڕە بەرفراوانەکانی قاچاخچێتی نایاسایی؛

Y) لەکاتێکدا ژن و کچان لە ئێران بەشێوەیەکی درندانە لەژێر ناو شەرەف، دەکوژرێن؛ لە کاتێکدا تاوانکارانی ئەو تاوانانەی کە لەژێر شەرەف ئەنجام دەدرێن زۆرجار سزای دادپەروەرانە وەرناگرن؛

Z) لە کاتێکدا کە سوپای پاسداران ئێران لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و ناوچەییدا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدات، یان ڕێبەری دەکات و یان یارمەتی دەدات؛ لە کاتێکدا دەستدرێژی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا پەیوەندییەکانی تارانی لەگەڵ مۆسکۆ قووڵتر کردووەتەوە؛

AA) لە کاتێکدا کە سیاسەتی شەڕانگێزی ناوخۆیی ڕژێمی مەلاکان لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا وەرگیراون؛ لە کاتێکدا ڕژێم بەشدارە لە ناسەقامگیری لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ئەو ناوچەیە؛

AB) لە کاتێکدا کە ئیبراهیم ڕەئیسی سەرەڕای ئەوەی تۆمارێکی بەڵگەنامەیی لە پێشێلکردنی جدی مافەکانی مرۆڤدا هەبووە، لە مانگی جوونی ٢٠٢١ بە سەرۆککۆماری ئێران هەڵبژێردرا و لە لیستی سزاکانی ئەمریکادایە و پێشتر سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئێران بووە؛ لە کاتێکدا سەرکەوتنی ئیبراهیم ڕەئیسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنێکدا هاتە ئاراوە کە بە تەواوی ئازاد و دادپەروەرانە نەبوو؛ لە کاتێکدا تەنها ٧ کاندید لە کۆی ٥٩٢ کاندید لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەرانەوە گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵکرا لەبو خۆکاندیدکرن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار؛ لە کاتێکدا هیچ کام لە کاندیدەکانی ژن، ئەندامی کەمینەکان یان کەسانێک نەبوون کە دژی ڕێژیم هەڵوێستیان هەبوو؛

AC) لە کاتێکدا کە دانوستانەکان سەبارەت بە نوێکردنەوەی "بەرجام" هێشتا بەفەرمی بەئاکام نەگەیشتووە؛ لە کاتێکدا پاش دۆزینەوەی شوێنەواری یۆرانیۆم لە سێ شوێنی ڕانەگەیەندراو لە ئێراندا، دانوستانەکان لەسەر لێکۆڵینەوەی پارێزبەندی بەردەوامن کە لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیەوە دەستپێکراوە؛

1) بە توندترین شێوە لەسێدارەدان لەدژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازانە لە ئێران سەرکۆنە دەکەین، بەتایبەتی لەسێدارەدانی موحسین شکاری، مەجیدرزا ڕەهنەوەرد، محەمەد مێهدی کەرەمی و سەید محەممەد حوسێنی؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە دەستبەجێ و بێ مەرج جێبەجێکردنی هەموو بڕیارەکانی ئیعدام ڕابگرن و خۆیان بپارێزن لە هەر حووکمی ئێعدامێکی دیکە؛ داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کە سزای لەسێدارەدان بەتەواوی هەڵوەشێننەوە، ڕاگرتنی بەفەرمی بسەپێنن؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین هەموو سزاکان و سزای لەسێدارەدان هەڵبگرن؛ [ئێمە] دژایەتی پتەو و بنەڕەتی خۆ[مان]بۆ بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو بارودۆخێکدا دووپات دەکەینەوە؛

2) پێداگرانە داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکەین کە دەستبەجێ و بێ مەرج هەموو ئەو نارازیانەی کە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپێنراوە ئازاد بکرێن، لەوانە محەمەد بۆروغەنی، محەممەد قوبادلوو، حەمید قەرەحەسەنلو، ماهان سەدارەت مەرنی، حسێن محەممەدی، مەنوچێهر مێهمان نەواز، سەهەند نورمحەممەزادە، سامان سەیدیی، رزا ئاریا، ساڵح میرهاشمی بەلتاقی، سەعید سەعید یعقووبی کوردسەفلی، جەواد ڕوحی، عەرشیا تەکدەستان، مێهدی محەممەدیفەرد و مەجید کازمی؛ بەکارهێنانی حووکمی تاوانکاری و سزای لەسێدارەدان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک چەکێک بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتی و سزادانی خەڵک بەهۆی داواکردنی مافە بنەڕەتییەکانیانەوە، بەتوندی شەرمەزار دەکەین؛ داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکەین پێداچوونەوە بە بڕگەکانی "محاربە" (دوژمنایەتی دەگەڵ خودا) و "مفسد فی الارض" (گەندەڵی لەسەر زەوی) بکات و وەک کردەوەی تاوانکاری هەڵیوەشێنێتەوە؛

3) هاوسۆزی [خۆمان] لەگەڵ لاوان و ژنان و پیاوانی ئێران بە کەمینەکانیشەوە دەردەبڕین کە سەرکردایەتی یان بەشداری نارەزایەتییەکان دەکەن؛ پشتگیری لە بزووتنەوەی نارەزایەتی ئاشتیانە دەکەین لە سەرانسەری وڵاتدا دژی ستەمکاریی سیستماتیکی و زیادبوونی چەوساندنەوە و پێشێلکارییە جددی و جەماوەرییەکان لەدژی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان؛ پێداگرانە پشتیوانی لە خواستەکانی گەلی ئێران دەکەین بۆ ژیان لە وڵاتێکی ئازاد، سەقامگیر، گشتگیر و دێموکرات؛ هەڵاواردنی سیستماتیکی ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکانەوە کە ئازادی و ژیان و گوزەرانی ژنان بە توندی بەرتەسک دەکەنەوە، سەرکۆنە دەکەین؛

4) پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە کاتی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە و پێشووتری ئێراندا کوژراون، ئەشکەنجە دراون، ڕفێندراون یان بەشێوەیەکی نایاسایی دەستبەسەر کراون؛

5) جارێکی دیکە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی بەربڵاو، دڕندانە، بە ئەنقەست و نارێژەیی لە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازانە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە بەتوندی سەرکۆنە دەکەین؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین واز لە سەرکوتکردنی هاووڵاتیانی خۆیان بهێنن؛ وەبیری دەهێنێتەوە کە مافی کۆبوونەوەی ئاشتیانە دەبێت مسۆگەر بکرێت؛

6) داوا دەکەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام، هەموو دەرفەتێک بقۆزنەوە و داوای کۆتاییهێنانی بەپەلەی لەسێدارەدانی خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی هێز لەدژی نارەزایەتییەکان بکەن، هەروەها ئازادکردنی بێ مەرجی هەموو ئەوانەی تۆمەتبارن و دەستگیر کراون بەهۆی بەکارهێنانی مافی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و مافی کۆبوونەوەی ئاشتیانەیان؛ داوا لە EEAS و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە بەردەوام بن لە لێپرسینەوە لە ڕێژیمی ئێران لە بەرامبەر کوشتنی گەلی خۆی و پێشێلکارییە مەزنەکانی مافی مرۆڤ؛

7) داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی، بێلایەنانە و کارا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم لە مافی مرۆڤ - لە نێویاندا کوشتنی مەهسا ژینا ئەمینی، کوشتنی سەدان خۆپیشاندەر و ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ و سەرڕۆڕیانە دەگەڵ کەسانی دەستبەسەرکراو - لەلایەن دەسەڵاتێکی کارامەی سەربەخۆ و بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە ڕێگە بە لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و ڕاستی و بێلایەن و کاریگەر بدەن سەبارەت بە هەموو کوشتارەکانی خۆپیشاندەران و داواش دەکەین کە بەرپرسان بدرێنە دادگا؛ جەخت لەوە دەکەینەوە کە یەکێتی ئەوروپا بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوون بۆ کوشتنی مەهسا ژینا ئەمینی و شێوازی مامەڵەکردنی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی دواتر؛

8) پێداگرانە داوای ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەین کە بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی ئاشتیانەدا دەستبەسەرکراون، هەروەها سەرجەم زیندانیانی سیاسی؛ داوا دەکەین ڕێوشوێنی سنووردارکردنی ئامانجدار بەسەر هەموو ئەو دادوەرانەدا بسەپێندرێت کە سزا بۆ خۆپیشاندەران دەردەکەن، بەپێی ڕێسای یەکێتی ئەوروپابە ژمارە ٢٠١١/٣٥٩؛ هەروەها داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین هەموو ئەو تۆمەتانەی کە تەنها بەهۆی بەکارهێنانی ئاشتیانەی مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادیی کۆمەڵ و کۆبوونەوەی ئاشتیانە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا دەستبەسەر کراون، دەستبەجێ و بێ مەرج ئازاد بکەن؛ بەپێی پەیماننامەی ICCPR [International Covenant on Civil and Political Rights] داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین ڕێز لە ئەرکە نێودەوڵەتییەکانیان بگرن؛

9) پێشوازی لە ئاکامەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کاروباری دەرەوە دەکەین لە 12ی دیسەمبەری 2022 و پەسەندکردنی ڕێوشوێنە سنووردارەکانی ئەم دواییە بەرامبەر بەو کەسانەی دەستیان لە توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران هەبووە، هەروەها دژی هەموو کەسانی بە "پۆلیسی ئەخلاق" پەیوەستن و لە تیرۆرکردنی مەهسا ژینا ئەمینی بەشدار بوون یان لە مردنی بەرپرسیار بوون؛ ئەو بێبایەخییە ئاشکرایەی ڕێژیمی ئێران بۆ کەرامەتی ئینسانی و خواستە دیموکراسیەکانی هاووڵاتیانی خۆی، هەروەها پشتیوانیکردنی لە فیدراسیۆنی ڕووسیا، پێویستیی بە دەستکاریکردنی زیاتری هەڵوێستی یەکێتیی ئەورووپا بەرامبەر بە ئێران هەیە؛

10) داوا لە VP/HR و ئەنجومەن دەکەین کە لیستی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا فراوانتر بکەن بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بە ئەندامانی خێزانەکانیانەوەش کە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەرپرسیارن، لەخۆ بگرێت، لەوانەش عەلی خامنەیی، سەرۆکی باڵای ئینقلابی ئیسلامی، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆمار و محەممەد جەعفەر مونتەزیری داواکاری گشتی و هەموو دەزگاکانی بۆنیادەکان" کە پەیوەندییان بە سپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە، لەوانەش بە تایبەتی "بۆنیادی موسەزعەفان" و "بۆنیادەکانی شەهید و ئۆمووری جانبازان"؛ هەروەها داوا لە VP/HR، ئەنجومەن و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە سزاکانی سەر ئەو ٢٢٧ ئەندامی پەرلەمانی ئێران کە پشتیوانییان لە بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدانیان کردووە، لەبەرچاو بگرن؛ پێشوازی لە ئامادەکارییەکانی بەریتانیا دەکەین بۆ زیادکردنی سوپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بەریتانیا؛ بەتوندی ئیدانەی ئەو سزایانە دەکەین کە دەسەڵاتدارانی ئێران بەسەر سیاسەتمەدارانی پێشووی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپادا سەپاندوویانە؛ ئاماژەش بەوە دەکەین کە پێویستە گفتوگۆی نێوان پەرلەمانەکان ڕابگیرێت لە کاتێکدا ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە سزا دەدرێن؛

11) داوا لە ئەنجومەن و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە سوپای پاسداران و هێزە ژێردەستەکانی، لەوانەش میلیشیاکانی بەسیجی و هێزی قودس ، بۆ لیستی تیرۆریستی یەکێتی ئەوروپا زیاد بکەن و هەموو چالاکییە ئابوورییەکانیان و هەموو داراییەکانیان کە کۆمپانیا و دامەزراوەکانیان جا چ بەتواویی و چ بەشێکی لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێران یان کەسانی پەیوەندیداریان خاوەندارێتی دەکەن بەبێ گوێدانە ئەو وڵاتەی کە تێیدا کاردەکەن، و بە لێکدانەوەی لێکەوتەی نەرێنییان بۆ گەلی ئێران و بۆ یارمەتییە مرۆیی و گەشەپێدانەکانی یەکێتی ئەوروپا، قەدەغە بکەن؛ داوا لە یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە هاوبیرەکان دەکەین، داوا لە هەموو ئەو وڵاتانە بکەن کە سوپای پاسداران ئۆپەراسیۆنی سەربازی، ئابووری یان زانیاری ئەنجام دەدات بەپەلە کۆتایی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران بهێنن و قەدەغەی بکەن؛ هێرشی بێهوودەی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر پارێزگای هەولێر لە کوردستانی عێراق، بەتوندی سەرکۆنەی دەکەین و جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەم جۆرە هێرشانە بێ جیاوازی، هەڕەشە لە هاووڵاتیانی مەدەنی بێتاوان و سەقامگیری ناوچەکە دەکەن؛

12) جارێکی دیکە بەتوندی سەرکۆنەی تێکچوونی خێرای دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەکەین کە تەنیا کۆماری ئیسلامی و سەرکردایەتی باڵا و هێزە ئەمنییەکانی و لە نێویاندا سپای پاسدارانی ئێران بلێی بەرپرسیارن؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە ڕێز لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکانی "کۆڵکەزێرینە" بگرن؛ داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کۆتایی بە هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بێنن؛

13) پێشوازی دەکەین لە دامەزراندنی ئەو نوێنەرایەتییە نێودەوڵەتی و سەربەخۆیەی کە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڕیارنامەی S35/1ی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە 24ی نۆڤەمبەری 2022 بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاسپێردراوە، و داوای ڕوپشتنی خێرایان دەکەین؛ پێداگرانە داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکەین ڕێگەیان پێ بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان و دەستڕاگەیشتنێکی تەواو و بێ بەربەست بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و خۆیان لە هەراسانکردن و ترساندنی ئەو کەسانە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەدوور بگرن کە لەپێناو دۆزینەوەی ڕاستییەکان کاردەکەن؛ داوا لە یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە بەتەواوی پشتگیری لە ئامادەکاری و جێبەجێکردنی ئەرکی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بکەن؛ پێداگرانە داوا لە ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەکەین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هاوکاری نەکات، دەستبەجێ دۆسیەی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات؛

14) دووبارە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە ڕێگە بە سەردانی نێردراوە تایبەتەکانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن و بەتایبەتیش دڵنیابین لەوەی کە ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێ بدرێت؛

15) داوا لە ڕژێمی ئێران دەکەین هەموو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ئازاد بکات؛ داوا لە ڕژێمی ئێران دەکەین کە واز لە بەئامانجگرتنی هەموو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە ئێران بهێنێت و دڵنیاییان پێ بدرێت تاکوو لە هەموو هەلومەرجێکدا بەبێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە و بەبێ هیچ سنووردارکردنێک، وەک هەراسانکردنی دادوەری، دەتوانن چالاکییە ڕەواکانی مافی مرۆڤ ئەنجام بدەن؛

16. دەستگیرکردنی دەیان ڕۆژنامەنووس سەرکۆنە دەکەین و داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین دەستبەجێ ئازادیان بکەن؛ بەقووڵی نیگەرانین لە دەستگیرکردنی زیاتر لە ٨٠ کارمەندی ڕاگەیاندن، لەنێویاندا نیلوفەر حەمیدی، ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە بۆ یەکەمجار هەواڵی دەستگیرکردنی و خەواندنی مەهسا ژینا ئەمینی لە نەخۆشخانە ڕاگەیاند، داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین دەستبەجێ ئازادی بکەن؛ داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکەین کە ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین و باوەڕی هەموو خەڵکی دانیشتووی ئێران بگرێت؛ نیگەرانی خۆمان لە

تاوانبارکردنی کارمەندانی پزیشکی و ئەو توندوتیژییانەی کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکان بەسەریاندا دەسەپێنرێت، دەردەبڕین و داوا لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە هەموو هاوکارییەکی بەردەست پێشکەش بە کارمەندانی پزیشکی مەدەنی بکات بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری پزیشکی بێلایەنانە پێشکەش بکەن؛

17) بە توندی سەرکۆنەی بەکارهێنانی سیستماتیکی ئەشکەنجە، لەوانەش چەکی توندوتیژی سێکسی، لە زیندانەکانی ئێران دەکەین و داوای دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییەکان دەکەین؛ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵگرتنی فیلی دانپێدانان لە ڕێگەی ئەشکەنجە، تۆقاندن، هەڕەشە لە ئەندامانی بنەماڵە یان جۆرەکانی تری زۆرەملێ و بەکارهێنانی ئەم فیلمانە بۆ سزادانی نارازییان بەتوندی سەرکۆنە دەکەین؛ زیاتر سەرکۆنەی ئەو کردەوانە دەکەین کە ڕێگری دەکات لە زیندانییەکان بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی و ڕێگە بە سەردانی ئەندامانی خێزانەکانیان نادات؛ نیگەرانی قووڵی خۆمان دەردەبڕین کە دەستگیرکراوەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەستیان بە پارێزەر نەگەیشتووە؛ داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە بەو ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ زیندانییەکان بکات و کەرامەت و بەها سروشتییەکانیان وەک مرۆڤ ڕەچاو بکەن؛ دیسانەوە داوا لە ئێران دەکەین کە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە ئەشکەنجە و سزای دڕندانەی نامرۆڤانە و دژ بە شێواز و هەڵسوکەوت و یان ئەو سزایانەی بەسووکایەتی مامەڵە دەکات، بەبێ دواکەوتن پەسەند بکات و بەتەواوی پابەندی بڕگەکانی بێت و کاری پێ بکات؛

18) داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە دەستبەجێ هەموو تۆمەتەکانی سەر هەموو هاووڵاتییە دەستگیرکراوەکانی یەکێتی ئەوروپا هەڵبوەشێننەوە و ئازادیان بکەن؛ بەتوندترین شێوە سەرکۆنەی سزادانی ٤٠ ساڵ زیندان و ٧٤ قامچی و غەرامەکردنی یەک ملیۆن یۆرۆ بە تۆمەتی هەڵبەستراوی سیخوڕیی بۆ ئۆلیڤیێر ڤاندێکاستیلی خاوەن ڕەگەزنامەی بەلجیکی و کرێکاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەین، هەروەها بەردەوامی دەستبەسەرکردن و سزای لەسێدارەدانی ئەحمەدرەزا جەلالی خاوەن ڕەگەزنامەی سویدی سەرکۆنەی دەکەین کە کۆماری ئیسلامی ڕەشبینانە وەک وەک بارمتە دیپلۆماسی پێ بکات تاکوو تیرۆریستی سزادراو، ئەسەدوڵلا ئەسەدی ئازاد برکێ؛ داوای ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ مەرج و گەڕانەوەی بەسەلامەتی ئەحمەدرزا جەلالی و ئۆلیڤیێر ڤاندێکاستیل و ئەو حەوت هاووڵاتییە فەرەنسییەی لەنێویاندا سیسیل کۆهلەر دەکەین کە لە ئێران دەستبەسەرکراون؛ بەتوندی ئیدانەی لەسێدارەدانی عەلیرەزا ئەکبەری، هاووڵاتی ئێرانی-بەریتانی لە ئێران دەکەین؛ هەروەها نیگەرانین لە هەڕەشە گشتییەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن و ئاسایشی ئێران بەرامبەر باڵیۆزخانە و وڵاتانی ئەوروپا؛

19) داوا لە وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەین کە هەر بەڵگەیەک کە ڕەنگە بۆ لێکۆڵینەوەکان بەسوود بن، بیپارێزن و هاوبەشی بکەن، هەروەها هاوکاریی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە کارەکانیدا بکەن؛ پێداگرانە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین هەنگاو بنێن بۆ پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان. جەخت لەوە دەکەینەوە کە پێشێلکارییە بەردەوام و جیددییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لەدژی گەلەکەی خۆی ئەنجام ، دانوستانەکان لەسەر پلانی هەمەلایەنە بۆ کاری هاوبەش دەخاتە مەترسییەوە؛

20) کردەوی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی بۆ بلۆککردنی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی مۆبایل لەکاتی نارەزایەتییەکانی وڵاتدا، بەو پێیەی ڕێگری لە پەیوەندی و ڕۆیشتنی ئازادانەی زانیاری بۆ هاووڵاتیانی ئێران دەکات، سەرکۆنە دەکەین؛ جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسا نێودەوڵەتییەکانن؛ پێشوازی لەو ڕێوشوێنە سنووردارە جۆراوجۆرانە دەکەین کە یەکێتی ئەوروپا لە ژێر میکانیزمی سزاکاندا لە وەڵامی سەرکوتکردنەکاندا گرتوویانەتەبەر، بەتایبەتی ئەو تاک و ڕێکخراوانە بکەنە ئامانج کە لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردندا کاردەکەن و ئەوانەی بەرپرسیارن لە زانیاری ناڕاست؛ هەروەها پێشوازی لە جێگرتنی وەزیری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکانی ئێران لە لیستی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا دەکەین؛ داوا لە کۆمیسیۆن دەکەین، بەگوێرەی بنەمای پێویست، بیر لە ڕێگەدان بە دابینکەرانی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا بکاتەوە کە ئامرازی پارێزراو پێشکەش بە هاووڵاتییان و دانیشتوانی ئێرانی دەکەن؛

21) داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکەین لەکاتێکدا ڕێژیم بەفراوانی ئینتەرنێت سانسۆر دەکات، کارێک بکەن خەڵکی ئێران دەستیان بە ئینتەرنێتێکی بێبەرامبەر بگات؛ پێشنیاری ئەوە دەکەین بۆ ڕێکخستنی ئەو مەبەستە، ئامرازە تەکنیکی و داراییە پێویستەکان لە ڕێگەی سندوقێکی یەکێتی ئەوروپا دابین بکرێت؛

22) پێداگرانە داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام دەکەین کە ڕێکارە گشتییە دادوەرییەکان بەسەر هەموو ئەو کەسە فەرمییە ئێرانییانەی بەکاربهێنن کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکارییە جددیەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، گومانیان لێدەکرێت بەرپرس بن لە تاوانکارییەکان؛ پێداگرانە داوا لەو دەوڵەتانەی ئەندام دەکەین کە لەنێو یاسای نێوخۆییاندا هێشتا جێبەجێکردنی بنەمای دەسەڵاتی دادوەری گشتگیری تێدا نییە، بەبێ دواکەوتن ئەو جۆرە یاسایانە کارا بکەن؛

23) به سەرنجدان بەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە دابینکردنی فڕۆکەی بێ سەرنشین بۆ فیدراسیۆنی ڕووسیا و بەنیازە مووشەکی زەوی-زەوی بۆ بەکارهێنان لە دژی ئۆکرانیا دابین بکات، داوای درێژکردنەوەی ڕێوشوێنە سنووردارەکان دەکەین؛ جەخت لەوە دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی بەشداری لە تاوانەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا دەکات، چونکە ئەم چەکانە لە دژی خەڵکی مەدەنی و ژێرخانی مەدەنی بەکاردەهێنرێن؛

24) داوا لە کۆمیسیۆن و ئەنجومەن دەکەین لەپێناو جێبەجێکردنی سزا پەسەندکراوەکان، هەموو کەلێنەکان، لەوانەش کەلێنە داراییەکان دابخەن، بۆ دڵنیایی لە دابینکردنی ئەوەش [داخستنی هەموو کەلێنەکان] هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێونەتەوەییە پێویستە تاکوو ڕێوشوێنە سنووردارەکان بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێن؛

25) بە قووڵی نیگەرانین لە سەرکوتی بنەڕیتی و سنووربەزێنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، لەوانە سیخوڕی، تیرۆر، هەوڵی بۆمب دانان، هێرشی ئەلیکترۆنی، هەڵمەتی زانیاری ناڕاست و ڕێوشوێنی دیکەی کۆنترۆڵکردن، بەتایبەتی لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانی و سوپای پاسدارانی ئێران، دژی ڕەوەندی ئێرانی کە لە یەکێتی ئەوروپا دەژین، هەروەها کاریگەری لەسەر دەربڕینی ئازادانەی بیر و ڕای هاووڵاتیان و دانیشتوانی یەکێتی ئەوروپا هەیە و سەلامەتییان دەخاتە مەترسییەوە و دەگاتە دەستوەردانی زیانبەخش؛ داوا لە یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە لە بەرامبەر سەرکوتی سنووربەزێنی کۆماری ئیسلامیدا، پاراستنی دیسپۆرای ئێرانی بەرفراوانتر بکەنەوە؛ داوا لە EEAS و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە ڕێگاکانی پێشکەشکردنی پشتیوانی تەکنیکی و توانایی بۆ ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە یارمەتی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران دەدەن، لە هەمان کاتدا دڵنیابن لەوەی کە لایەنی ئێرانی خاوەندارێتی ئەم چالاکییانە دەکات؛

26) ئیدانەی هێرشەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی ئێران بۆ سەر ڕۆژنامەی چارلی ئیبدۆ دەکەین و پێشوازی لە کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک دەکەین سەبارەت بە هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ڕۆژنامەکە کە پاش بڵاوبوونەوەی کارتۆنە گاڵتاوییەکان هاتە ئاراوە؛

27) داوا لە یەکێتی ئەوروپا و لەوانەش HR/VP دەکەین، بەردەوام بێت لە بەرزکردنەوەی نیگەرانییەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆڕبەندی دوولایەنە و فرەلایەنەدا و بەتایبەتی لە چوارچێوەی وتووێژی سیاسی ئاستی باڵای یەکێتی ئەوروپا و ئێران، هەموو پەیوەندییە پێشبینیکراوەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئەمە بەکاری بهێنن؛ دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەشێکی سەرەکییە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا و ئێران؛

28) بانگەوازی خۆمان لە هەموو وڵاتانی ئەندام دووپات دەکەینەوە کە بەهاوبەشی لێدوانی گشتی بدەن و دەستپێشخەریی دیپلۆماسی بکەن بۆ چاودێریکردنی دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و سەردانی ئەو زیندانانەی کە بارمتەکانی یەکێتی ئەوروپا لە ئێران، بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و زیندانیانی دیکەی ویژدان تێیدا دەستبەسەرن؛ پێداگرانە داوا دەکەین باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کە لە تاران باوەڕپێکراون، لە نزیکەوە هەماهەنگی دەگەڵ یەکتر بکەن؛ داوا دەکەین لە هەموو وڵاتانی ئەندام کە ئامادەیی دیپلۆماسییان لە تاران هەیە، کەڵک لەو میکانیزمانە وەربگرن کە لە ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە پاراستنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤدا هاتووە بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدانیان لەسەرە و ئەوانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی سزا و دەستبەسەر کراون؛ پێداگرانە داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکەین دڵنیابن لەوەی کە دەستگیرکراوەکان دەتوانن پێشوازی لە سەردانکەران بکەن و بە وردی چاودێری بارودۆخی دەستبەسەرکردنیان بکەن؛

29) پێداگرانە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین کە ڕێگە بە چاودێرانی سەربەخۆ لە باڵیۆزخانەی وڵاتانی ئەندام لە ئێران بدەن بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەموو ڕێوشوێنە دادوەرییەکانی پەیوەست بە ناڕەزایەتییەکان؛ داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکەین چاودێری هەموو دادگاییکردنەکانی پەیوەست بە ناڕەزایەتییەکان بکەن و بە ئاشکرا سەرکۆنەیان بکەن، بەتایبەتی بایەخ بەو دادگاییانەی بدەن کە تاوانی لەسێدارەدان بەڕێوە دەبەن؛

30) داوا لە کۆمیسیۆن، EEAS و وڵاتانی ئەندام دەکەین، بەهاوکاری دەگەڵ هاوبەشە هاوبیرەکان، پشتیوانی کۆنکرێتی بۆ خواستەکانی دێموکراتیکی گەلی ئێران بکەن، بە تایبەتی لە ڕێگەی زیادکردنی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا سەربەخۆکان فراوانتر و بەهێزتر بکەن، هەروەها لە ڕێگەی پشتیوانی لە هەوڵەکانی هاوبەشە هاوبیرەکان پاڵشتیی بەردەوامبوونی ئینتەرنێت لە ئێران بکەن؛ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیک لە ئێران هان دەدەین لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان بەدوای یەکگرتوویی زیاتردا بگەڕێن بە بەشداریکردنی ئێرانییەکانی دیاسپۆرا لە هەر شوێنێک کە هەن، بەمەبەستی دابینکردنی پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؛ پێداگرانە داوا لە یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام دەکەین پەیوەندییە ستراتیژییەکانیان لەگەڵ گەلی ئێران چڕتر بکەنەوە، بەتایبەتی ئەرکی "StratCom Task Force South" سەربە EEAS بۆ کۆماری ئیسلامی کاراتر بکەن، بەشێوەیەکی بەرچاو بودجە زیاد بکەن و چاوەدێری بەرفراوانتر بکەن؛

31) داوا لە یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام دەکەین کە ئاسانکاری بکەن بۆ پێدانی ڤیزا بۆ ئەو کەسانەی کە لە پەیوەندی دەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێراندا بڕاستی تووشی مەترسی بوون بەهۆی پێداگری ئاشتیانەیان بۆ مافەکانیان و ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی؛ داوا لە EEAS دەکەین دەستی بگاتە دراوسێکانی نزیکی ئێران بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەروازە سنوورییەکان بۆ چالاکوانانی هەڵاتوو لە ئێران بە کراوەیی بمێننەوە و دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کەسانە دەتوانن بە سەلامەتی لە وڵاتانی ئەورووپا داوای پەنابەری بکەن؛

32) پەرلەمان سەرۆکی خۆی ڕاسپارد ئەم بڕیارنامەیە پێشکەش بە ئەنجومەن، کۆمسیۆن، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆن و نوێنەری باڵای یەکێتی بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئاسایش، حکومەت و پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەندام، مەجلیسی شورای ئیسلامی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و نووسینگەی ڕێبەری باڵای ئایینی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات.